ئیسماعیل تەنیا

# ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا

هەواڵنامەی کتێب

چاپی دووەم
هەولێر ٢٠٢١

* ڕۆڵی ئەدەب لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا
* ئیسماعیل تەنیا
*چاپی یەکەم ، ١٩٩١، بە ناوی خواستراوی (ب. دەوەن)، بڵاوکراوەتەوە.
* چاپی دووەم : ٢٠٢١
* تیراژ : ٥٠٠ دانە.
* دیزاین : هیوا کۆمپیوتەر.

## ڕوونکردنەوە

* ڕۆڵـــی ئەدەب لە شـــۆڕش و گۆڕانکـــارییە کۆمەڵایەتییەکانـــدا، لە گۆڤـــاری (سۆسیالیست)، کە حزبی سۆسیالیستی کوردسـتان، دەریـدەکرد، ژمـارە ٩، سـاڵی ١٩٨٦، لاپەڕە ٣٥-٤١، بە ناوی (ب- دەوەن)، بڵاوکراوەتەوە. ... هەر هەمان بابەت، لە گۆڤـاری (پێشـکەوتن)، کە گۆڤـارێکی سیاسـی، ڕۆشـنبیریی، گشـتی بـوو، حزبـی سۆسیالیستی کوردستان/ ئیتجاهی دیموکراتی شۆڕشگێڕ، دەریدەکرد، ژمـارە (١)، ئازاری ١٩٨٦، لاپەڕە ٣٠-٣٣، بە ناوی خواستراوی (ڕێکان)، بڵاوکراوەتەوە. ئێمە بـۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە، ئەوەی کە لە گۆڤاری (سۆسیالیسـت)دا، بڵاوکـراوەتەوە، هەڵبژاردوە، چونکە کاتی خۆی هیچ دەستکارییەکی نەکرا بـوو. کەچـی ئەوەی کە لە (پێشکەوتن)دا بڵاو کرابۆوە، زۆر دەستکاری کرابوو. زۆریشیان بڕی بوو.

* ئافرەت و شۆڕش، لە گۆڤاری (پێشکەوتن)، ژمارە (٥)، نیسانی ١٩٨٨، لاپەڕە ٢٢-٢٧، بە ناوی (ڕێکان)، بڵاوکراوەتەوە.

هەردوو بابەتەکە، لە کاتی دووبارە نووسینەوەیان، سووکە دەستکارییەک کراون بێ ئەوەی کار لە ناوەڕۆکیان بکرێت... دەستکارییەکان زێتر ڕێزمانی و مەسەلەی خاڵبەندین.

* حاڵی حازر، لەوانەیە کەمێک بیرو بۆچوونم جیاواز بێت لەگەڵ ئەو سەردەمەی کە بابەتەکانیان تێدا نووسراوە. هەردوو بـابەتەکە، زادەی بیـرو بۆچـوون و دنیـا بینینی ئەوکاتی منن، زێتر مێژوو ئامێزو حەماسین... بـۆ هانـدان و گەرم کردنـی خەبـات نووسـراون. دەبێـت لە چوارچێـوەی سـەردەمی خۆیانـدا خوێنـدنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

* چاپی یەکەمی، لە نامیلکەیەکی (٣٢) لاپەڕەیی قەبارە (١٦جاران ٢١)، بە تیراژی (٣٠٠) دانە، لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٩١دا، بە نـاوی بـاوکی دەوەن (ب-دەوەن)، بڵاوکراوەتەوە. وێنەی بەرگەکەی، هاوڕێی هونەرمەنـد (ئیبـراهیم حەمەڕەش) کە ئێستا دکتۆرو مامۆستای زانکۆیە، کێشای بوو.

من خاوەنی ئەم نامیلکەیەم، بۆیە حەزم کرد کە بە ناوی دروسـتی خـۆم بڵاویـان بکەمەوە...

**ئیسماعیل تەنیا**
**سێپتێمبەری ٢٠٢١**

## ڕۆڵی ئەدەب
## لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا

پێش هەموو شتێک دەبێت پێناسەیەک بـــۆ ئـەدەب دابنێین، هـەرچەندە گەلێک پێناسەی جۆر بەجۆر لەلایەن زانایان و ئەدەب شوناسانی بـۆ کـراوە. ئـێمە لێرەدا دەڵێین : ئەدەب شێوەیەکەو خـۆی لەم چمکانەدا دەنوێنێت(هـۆنـراوە، پـەخشان، چیـرۆک، شـانۆ، رەخـنە. . . . . تـاد). ئەمـانەش بەرهەمـێکن عەقـڵ دەیـانهێنێتە بـەرهەم، کـە پەیوەنـدییەکی تـــەواویان بەگـۆڕان و دیەکداقژانی شتەکانـــی دەوروبەرو خـودی ئـەدیبەکەوە هـەیە. زیادڕۆییشمان نــەکردووە ئەگەر بڵێین (ئـــەدەب گرنگتـرین بەشـە لە ژیانـدا)و شـــان بەشانی گـۆڕانی قـۆناخەکانی کۆمەڵ بەرەوپێش چووەو تەکان لە دوای تەکـان هەنگاوی نـاوە تـاوەکو شـوێنی شیاوی خـۆی لەهەموو قۆناخەکاندا دیاریکردووەو لەداڕمانـی قۆناخـی کـــۆن و نەزۆک و داهێنانی قـۆناخێکی نـــوێ بەپێـی ویستـی رەوتـی مێـژوو، هـــەر لەسەرەدەمــی سەرەتاییەوە (بدائی)، تاوەکو ئێستا کە سیستەمی سۆسیالیستییە، رۆڵی کاریگەری خـۆی بینیووە. ئەدەب گەلێک گۆڕان و نوێ بوونەوەی بەخۆیەوە بینیوەو چـەند قوتابخانەو مەزهەبێکی ئەدەبی دروست بـووەو بەپێـی گـــۆڕانی سـەردەم، پێشـەوە چوونــی مێـژوو، یەک بـۆ یەکتـر شـوێنی خۆیـان چـۆڵ کـــردووە. گرنگترین ئەم پەیرەو و قوتابخانانەش (کلاسیکی، رۆمانسـی، ریالیزم، سـوریالی) بوونە. ئەدەبی ریالیزم بەگشتی و ریالیزمی سۆسیالیستی، بەتـایبەتی لەهەموو پەیرەو و رێچکە ئەدەبییەکانی تـر، لەگەڵ ژان و داخوازییەکـانی چینە چەوسـاوەو زەحمەتکێشـەکان دەگونجێـت، چـــونکە ئـاوێنەیەکەو تـــەعبیر لە بەرژەوەندییەکانیان دەکات.

لە خەون و خەیاڵ دوور دەکەوێتەوەو بەشێوەیەکـی ئەکادیمیانە بـۆ مەسەلەکان دەچێت ورێگای چارەسەر کردنیان، دەست نیشان دەکات. . . هێڵێکی تـەریبیش لە نێوان خەون و واقیعدا دەکێشێت و پەیرەوی واقیعیەت دەکات، هەروەک رۆمـان نووسـی فەرەنسـی(ئـەمیل زۆلا)دەڵێـت: (خـــۆخەریک کردن بەخەو و خەیـاڵ یارییەکی منداڵانەو ژنانەیە، لەسەر پیاوان پێویستە خۆیان بە واقیعەوە خەریک بکەن). ئەدەبی رەسەن و سەر بەگەلیش، پێویستـی بـە پەنجەکێشان نییەو خۆی

به ئاشکرا دەدوێت.
لە شۆڕشەکانی گەلانی جیهاندا، بەتایبەتی شۆڕشی روسیا، جەزائیر، کوبا، کۆریا، ڤێتنام، شیلی و فەلەستین، ئەدەب دەوری کاریگەری خۆی بینیووە بۆ هاندانی جەماوەرو کۆکردنەوەیان لەدەوری ئەو پێشڕەوەی کە بەرژەوەندییان، مسۆگەر دەکات و دووره پەرێزیش نەوەستاوە، چونکە ئەدەب نە بۆ جوانییەو نەبۆ رابواردن و گەرم کردنی کۆڕو گەڕەلاوژەیە، وەک هەندێک مرۆڤی ساویلکە وای تێگەیشتوون... بەڵکو زۆر لەو بۆچوونانە بەرزترەو شان بەشانی چمکەکانی تری خەبات لەبەردەوام بوون و هەنگاو هەڵهێنانە تا گەیشتن بە ترۆپکی ئامانج و(چەکێکی کاریگەرە لە چەکەکانی خەباتی میلەت بۆئازادی و بەختەوەری و بە هیچ شێوەیەک لەجۆرەکانی دیکەی خەباتی سیاسی جیا ناکرێتەوە) و (تەنیا هۆیەکە بۆ قولکردنەوەی ناکۆکییەکان و رۆڵی کاریگەرو بەرهەڵستی چەوساوەکان بۆ زوڵم و چەوساندنەوە دەبینێت). ناوەڕۆک و روخساری هەر بەرهەمێکی ئەدەبیش، پەیوەستە بەو قۆناخ و سەردەمەی کە تیایدا لەدایک بووەو لەگەڵ بەرەژانی روداوەکاندا، ئاوێتەی یەکتربووینە...
تا ئێرە چاوخشانێکی کورت بوو دەربارەی پێناسەی ئەدەب و پەیامەکەی ئێستاش با بزانین رۆڵی ئەدەب لە شۆڕشە جیهانیەکان و شۆڕشی گەلەکەمان و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا، چییە؟
لەپێش هەموو شتێک دەبێت هەست بەو راستیە بکەین کە لەهەموو کەلەبەرو قوژبنێکی جیهاندا، گەر هەر دەنگێکی ئازادیخوازو سەر بە میللەت دەرکەوتبێ ئەوا چەوسێنەران و داگیرکەران، ئارامیان لێ هەڵگیراوەو هەوڵی بێ شومار-یشیان داوە بۆ خەفەکردن و لەبارچواندنی ئەو دەنگانە... ئەدیبانیش بەرئەنجامی ئەو رێبازە سەختەی کە گرتویانەتەبەر، توشی گرتن و کوشتن و تۆقاندن هاتوونە، چونکە دیاردەیەکی مێژووییە کە (لەهەر شوێنێک چەوساندنەوەو زۆرداری هەبێت، ئەوا ئەدەبێکی نوێی بەرگری لە دایک دەبێت و بەرپەرچی ئەو تیرۆرە فاشیستیانە، دەبێتەوە)).
هەروەک (کارڵ مارکس) دەڵێت : (زەبرو زەنگ مامانێکە، کۆمەڵی نوێ لە منداڵدانی کۆمەڵی کۆن، دەردەهێنێت).
ئەدەبی راستەقینەو سەر بە کۆمەڵ، یەک بستۆکە چیە لە میللەتەکەی دانابڕێت

ئەوەتا نووسەری هەڵکەوتووی ئینگلیز(چالس دیکنز)، هەمیشە دەربارەی لاتو هەژارەکانی دەنووسی و ژانی بەندییەکان و نەخۆشی نەخۆشخانەکانی دەخستە روو. (نیرۆدا)، بۆ زەحمەتکێشانی (شیلی) دەنووسی و تالەسەر رێبازەکەی شەهید کرا. (سەمەدی بەهرەنگی)، لەسەر دژایەتی کردنی (حەمەڕەزا) شای گۆڕبەگۆڕ کرای ئێران، جەلادەکان خستیانە ناو دەریای (خەزەر)و خنکاندیان. هیچ کونجێکی زیندانەکانی تورکیا نەماوە، یادگارو بیرەوەرییەکانی (نازم حیکمەت)ی لەسەر نەبێت  پەیامی پیرۆزی ئەدەبی راستەقینەی سەر بە میللەت، دەبێت لەخزمەتی چینە چەوساوەکاندا، بێت. . . ئەدیبانیش ئەو مۆمە داگیرساوەن، کە هەموو دەم دڕ بە شەوەزەنگی تاریکییەوە دەدەن و بۆ مێردەزمەکانی خوای شەڕ، نایەنە سەرچۆک هەر بۆیەشە فاشیست و کۆنەپەرستەکان، زۆرلە ئەدیبانو هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێست دەترسن و تیرۆرو ئەشکەنجەو گرتن و لەناوبردنیان دەر هەق ئەنجام دەدەن.

هەروەک گوتمان" شیعر چمکێکە لە چمکەکانی ئەدەب "و وەک هەموو بەشەکانی تر، ئەگەر زیاتریش نەبێت، رۆڵی کاریگەری خۆی لەهاندان و راپەرینی شۆڕشگێڕانەدا، بینیوە. (عەبدولوەهاب بەیاتی) گوتەنی : (...شیعرهاوتای شۆڕشە. . . . شیعرو شۆڕش تەواوکەری یەکترن. . . شیعر بروسکەیەو ناوچەی نەدۆزراوە، دەدۆزێتەوە. . . . . شۆڕشیش گەواڵە هەورێکە خاکی ناوچەکە پاراو دەکات و ئاوەدانی دەکاتەوە).

شۆڕشی گەورەی  چواردەی تەموزی(١٧٨٩)ی فەرەنساو هێرشە جەماوەریەکەی کە کرایە سەر زیندانی (پاستیل)و بووە هۆی تێکشکاندنی زیندانەکان وئازادکردنی هەزاران لە بەندییەکان. . . . گۆڕانێکی گەورەش بوو لەژیانی چەوساوەو زەحمەتکێشەکان و(کارەساتێکی مێژوویی مەزن بوو لەجیهاندا، چونکە شۆڕشێکی جەماوەری لەهەموو لایەکی فەرەنسادا هەڵگیرساند، رژێمی کۆنی فەوتاندو شوێنەواری دەرەبەگایەتی، پاشایەتی و زەمانی جیاوازی تێکشکاند). شاعیران و ئەدیبانی فەرەنساش، وەک هەموو چین و توێژەکانی تر، تاڵی و سوێری رژێمە کۆنەپەرستەکانیان، چەشتبوو، بۆیە لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیان لەڕێگای نووسینەکانیان، لەگەڵ خەباتی جەماوەری یەکانگیر دەکردو، بگرە گەلێک جاریش بەشداری کاریگەرانەیان

دەکــرد لەخــۆپیشاندان و هەڵکوتانە سەر پایگاکانی رژێمی پاشایەتی گەندەڵ و داتەپیــو. . . کــاتێکیش ســەرکردایەتی شــۆڕش کەوتە دەســـت تــاقمێکی هـــەلپەرست و گێرە شێوێن و لە ڕێبـازە پیرۆزەکـەی شـۆڕش لایانـداو بەرەو هەڵدێریان برد، بەتەنگ ویستو خواستەکانی زەحمەتکێشان نـەهاتن، جەماوەری ستەم دیدە کەوتنە جموجۆڵ و خۆپیشاندان لەدژی (رۆبسپێر)و تاقمەکەی.

شـاعیری فەرەنسـی (فـایر دیگلینتـین)، لە ریـزی هەرە پێشـەوەی پەلامـاردەران بــوو کە کرایە سـەر زیندانی (پاستیل). . . بۆیە بەدەسـتی (رۆبسـپێر)، لەسـێدارە دراوشـەهید کـرا. . . لە سـێدارەدانی (فایـــر)، هەر بەتەنهـا نەبـــوو، رۆژانـــە بەسەدان زەحمەتکێشیان لـەسێدارە دەدا بـە تاوانـی ئـەوەی کـە ئاژاوەو پشێوی لەدژی دەوڵەت دەنێنەوە. (لینین) دەڵێت : (جـەنگ هەمیشەو لەهەموو شـوێنێکدا هەرچینە چەوسێنەرو کاربەدەست و زۆردارەکان، هەڵیدەگیرسێنن).

بۆ بەرپەرچدانەوەی جەنگی داگیرکەرانەو زۆردارانە، هیچ ڕێگایەکــی تـر لەبەر دەم چەوساوەو زەحمەتکێشاندا نییە، بێجگە لە جەنگی شۆڕشگێڕانە نەبێت.

کاتێک کـە نەمساو فەرەنسا لەسەردەمی (ناپلیۆن)دا، ویستیان ئیتالیا داگیر بکەن جــەماوەری زۆرلێکـراوی ئیتالیـا، لەسـاڵی (١٨٤٨)، جـاڕی شۆڕشـیانداو (مردنـی سەربەرزانە یـاخود رزگـاری)یـان کـردە دروشـم. ئەم شۆڕشـەش بەسـەرکردایەتی لاوی شۆڕشــگێڕ (گیوسبــی مــاتزینی) بــوو، کە زۆربـــەی هەرە زۆری خـــەڵک بەشـداری ئەم شۆڕشـەیان کـرد. شـاعیرانیش بەبـێ هــودە، لەرێگـای بەشـداری کاریگەرو نووسینە ئاگرینەکانیان خزمەتی ڕێبازی شۆڕشیان دەکردو حەماسـەتی شۆڕشگێڕانەیان لەدەروونی خەڵکدا جۆش دەدا. . . هەر بۆیەش دەبێت بروایەکی تەواو و نەگۆڕمان  بەم ڕاستییە هەبێت، کـە(شـاعیرانیش ئەنـدامێکی کـاریگەرو پارچــەیەکی دانــەبڕاوی کــۆمەڵگاکەیەتی و ببڕای ببـڕ لێــی جیـا نـابێتەوە)و (شـەیدایەکی ڕێگـای ڕاسـتییە، بـێ سـڵەمینەوە بەدوای ڕاسـتیدا دەگەڕێـت و هەمووقوربانییەکی لەبەر پێیا ئەدا بە زەوی).

لەساڵەکانی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنیشدا، ئەدەب لە قەپێلکە تەسکەکەی هاتەدەرێ و بەشداریەکی کاریگەری لەخۆ ئامـادەکردن بـۆ شـۆڕش کـرد. ئەویـش لەرێگای کـۆبوونەوەو خــۆپیشاندانەدا، لەدژی قەیسـەرو بەرزکـردنەوەی گیانــی بەرەنگــاربوونەوەی کرێکــاران لەدژی خــاوەن کارگەکــان. چــونکە ئەم ژیـــانە

تاڵوسـوێره، وەک پێویسـتییەکی مێژوویـــی، دەبـوایە هـــەر بگۆڕدرێــت. ئـــەدیبانیش پێنووسەکانیان خستە گەڕو پەردەیان لەسـەر ئەم بـارە نـاهەموارە لاداو تا بوونـە پێشڕەو بـۆ رزگاری و ئازادی ئەو گەلانە، وە رێگایان خۆشـکرد بــۆ شـۆڕشە مــەزنە سۆسیالیستەکەی (١٩١٧). لە نــووسەرە هەرە دیارەکانی ئـــەم کاتەش (تۆلیستۆی، دیستۆفیسکی، گۆگۆڵ، چیخـۆف، ماکسیم گۆرکـی)بـوون. لەشۆڕشی بەرگــری نیشتیمانیشدا (١٩٤١-١٩٤٥)، لە دژی داگیرکــەرە فاشیستەکان، لـــەم کـاتەدا کە وڵات نـوقمی دەریـای خـوێن و فرمێسـک ببـوو، فاشیسـتەکان شــــەڕێکی وێرانکـارو کاولکارانەیـان بەسـەر گەلانـی سـۆڤیەتدا هێنـابوو، کە چەکـی نـوێ و تـازە بـابەت درویـنەی ژیـانی دەکرد، شـاعیرو چیرۆکنووسـەکان، بەشدارییەکی بێ وێنەیان کرد، ئەویش لەرێگای خۆ (تطوع) کـردن بـۆ بەرەکـانی جەنـگ. . . هــەرلەوێش لەگــەرمەی شـەڕو لەمەتەرێـزو سـەنگەرەکانیاندا، لەگەڵ تـــۆمارکردنی هەر داسـتانێکدا، بەرهەمێکـی شۆڕشـگێڕانەیان دەنووسـی و بـۆ گۆڤـارو رۆژنـامە کانیـان رەوانە دەکـرد. هەنـدێکی تریـان لەبەرەکـانی جەنـگ بەسـیفەتی(پەیـامنێر)ی رۆژنامەکـان، بەشـداری راسـتەوخۆی شـەڕیان کـرد. . . خاسیەتێکی گرنگی ئەدەبی سۆڤیەتـی لەم سـەردەمەدا، ئەوە بـوو کە ئەدیبەکان زۆر گەشبین بـوون، لە دوو تـوێی نووسـینەکانیاندا، هەردەم هەواڵــی کــۆتایی هاتنــی جـــەنگ و سـەربەخۆیی نیشتیمانـــی و رزگارییـــان دەگەیانـد. بەهـیچ جـــۆرێک رەشبین نـەبوون و گیانـی بێزاری و داهێزرانیان بەبەر خەڵکدا نەدەکرد. لە نوسـەرە دیارەکـانی سـەردەمی شۆڕشـی گەورەی نیشـتیمانیدا (تۆلسـتۆی، دوڤیجینکۆ، ڤالینتین گادایف، ئەلکسـاندەرڤادیف، فلیس لاتسـیس، قـوستەنتین سیمینۆڤ، لیۆنید سۆبۆلیف، بـۆریس بولیفـۆی، قوستـەنتین لـــۆرد کیبایتـدزە، نیکــۆلای تیــخۆف، ئـەندری بلاتۆنۆف، فادیـــم کۆجیفنیکۆف) بوون.

لە تـورکییەشدا لە سایەی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانیـدا، شاعیرانـــی ئـازادی خواز هــەردەم لە زیندانە نوتەکەکاندا ئاخنرابـــوون. پێشـەوای ئەم شـاعیرانەش (نازم حیکمەت)ی شۆڕشگێڕە، کە بە شاعیرێکی جیهـانی ناسـراوە. ئەگەر بێتـوو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شیعری تورکـی لە ساڵانــی (١٩٦٠-١٩٧٠)دا بکەین، دەبینین لەسـەر رێبـازێکی نـوێی پێشـکەوتوانەی پشـت بەسـتو بە رێبــازی مارکســی ، سۆسیالیستی زانستی لەسەر دەستی چەند شـاعیرێکی نوێخـوازی وەک (ئـەتیلا

ئیلهان و ئاتا ئەوەل بەهرام و عیسمەت ئوزەل و ئۆزکان مەرت و نیهاد بەهرام و. . . . ) هاتۆتە کایەوە. نوێخوازی ئەم شاعیرانە لەم خاڵانەدا خۆی دەنواند:

**یەکـــەم**// هەسـت کـردن بە خەباتـــی شـــۆڕشگێڕانەو بەکارهێنانـــی ئەدەب لەپێناو سەربەخۆیی و سۆسیالیستیدا.

**دووەم**// تێکۆشان لە دژی بیروباوەڕی رەشبینانەو شۆڤینیانە.

**سێیەم**// گرنگیدان بەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەخلاقی، هەروەها خەبات کردن لەدژی کۆنەپەرستی و ئیمپریـالیزم. بـــەڵام لەپـاش بڵاوبـوونەوەی حوکمی عـــورفی لە (١٢ی مارتـــی١٩٧١)دا، شاعیران و رووناکبیران لەبەر هەڵوێستی نەگۆڕو شـــۆڕشگێڕانەیان، خـرانە بەندینخانە تاریکەکان.

لە فەلەسـتینی داگیرکراویشـدا، ئەدیبـان شـان بەشـانی پەلە شۆڕشگێڕەکانـــی سەرگۆڕەپانـی خەبات بێ پسانەوە لە بزاڤ و نەسرەوتندا بـوونە. هەر چەنـدە لەسـەرئەم رێبازەیـان توشـی گـرتن و تۆقانـدن بـووینە، بەڵام ورەی بەرزو پـڕ لەجۆشیان لەزەبرو زەنگی زایۆنییەکان بەرزتر بووە.

نووسـەران لە شـەڕی چارەنووسدا، چ لەبەرەی جەنـگ، یـان لەسـەنگەری ئەدەب بەشداری ئەم پرۆژەیان کردووە. (غەسان کەنەفانی)، یەکێکە لە ئەدیبە شـەهیدە کانی فەلەستین، کە لەشـەڕی چارەنووسـدا شـەهید کرا. (مەحـمود دەروێـش)ی شاعیر دەڵێت :(غـەسان کەنەفانـی مەرەکەبـی بـــۆ پـایەی شـەرەف گواستەوەو بایەخـــی شیاویشـی بـــە خوێنـدا). دەروێـش لەســـەر (کەنەفانـــی) دەڕوات و دەڵێت: (دەیزانی بۆچـی دەنووسێت و بۆ کـێ دەنووسێت).

زایۆنییەکان بـۆ کـپ کردنـی دەنگی شـیعر هەمـوو جـۆرە هەوڵێکیانـدا، ئەویش لەرێگـای دەرکردنـــی بریارێـک کـــە نابێـت هـیچ بەرهەمێـک بـــۆ شـاعیران بڵاوبکرێتەوە لە گـۆڤارو رۆژنامـە عەرەبییەکانی خاکـی زەوتکراو. ئەمەش کاری نەکـردە سـەر هـــەوڵ و کۆششـی شـاعیرەکان و رێگەیەکـی تریـان گـرتەبەر بـۆ گەیانـدنی پەیـامی پیـــرۆزی شـیعر بە جەمـــاوەر. لە رێگـــای خۆپیشـــاندان و کۆبوونەوەو کـۆڕ بەستندا، شیعریان دەکـردە نارنجۆک و فڕێیان دەدایە ناو مۆڵگا ســـەربازییەکانی دوژمـــن. هـــانی جەماوەریـــان دەدا، کڵـــپەو حەماسەتـــی

شـــۆڕشگێڕانەیان لەلا دروسـت دەكـــردن. خۆشەویسـتی خـاک و شـــەهیدو فیداییـــەكانیان، لەدڵ دەچانـدن. بـۆیە شـان بە شانـی جەمـاوەر لەزینـدانەكان دەپەسـتێندران. شـاعیرانی وەک : (تۆفیـق زیـاد و غەسـان كەنەفـانی و مەحمـود دەرویێش و سەمیع ئەلقاسم و سالم جبران و حـەنا ئەبـو حەنا و فەوزی ئەسـمەرو نـەزیهە خـەیرو رەشید حوسێن ومەحمود سەوقـی)و، چیرۆكنووسان (ئەبـو سـەلام و تۆفیـق فەیـاز)، نمـوونەی ئەدیبـی شۆڕشـگێڕی فەلەسـتینن و، گەواهی ئەم راستییەمان بۆ دەدەن.

لەهەموو راپەڕین و شـۆڕشەكانی خـۆشماندا، ئەدیبان بێ پسانەوە لەخۆشـی و ناخۆشیەكانی گەلەكەماندا بەشدار بووینەو رۆڵی تـەواوی خۆیان بینیووە، جـا چ لە رێگای بەرهەمەكانیـان یاخـــود بەشـداری راستەوخـۆ لەشۆڕشـی چەكداری و خەباتی سیاسی و ژێر زەمینیدا. چونكە پێویستییەكی بابەتی بووە (بە تایبەتـی لەقۆناخێكـدا، وەک قۆناخـــی ئەمـــڕۆی بـزوتنەوەی نیشـتیمانیمان، قۆناخـــی شۆڕشی نیشتیمانی كە پێویستە هەمـوو تواناییەكـی تێدا تـــەرخان بكرێت بـۆ پاڵنانـــی بـــزوتنەوەی كوردایەتـــی بەرەو پێشـــەوەو نزیـــک خســـتنەوەی لە ئامانجەكانـــی). لە هەمـــوو بـــزاڤ و خۆپیشـاندان و مانگرتنێـک لەدژی رژێمـی پاشایەتـی و رژێـمە یەک لەدوا یەكەكـانی تر. ئەدیبـانیش لەدەوری ئەو ناوەنـدە جەمـــاوەرییە كۆبـــووینەوە، بەتـــایبەتیش لە راپەڕینەكانـــی ساڵـــی(١٩٤٨)و مانگرتنەكەی (گاورباغـی)، جەماوەریان هانداوەو خۆشیان نەدزیتەوە.

ئەگەر بێـت و سـەیری ژیاننامـــەی شـاعیرانی كـــورد بكەیـن، لە دەربەدەری و ئەشكەنجەدان زێتر، چیتر نابینین. شاعیری شۆڕشـگێڕ (قـانیع)ی ئاشـەوانی لادێ نشـــین، بـــاوەڕی تەواوی بە سیســـتەمی سۆسیالیســـتی زانســـتی هێنـــاوەو جەماوەریشـی هـــانداوە دژی ئاغـــاو دەرەبەگـــەكان، راپەڕن. (قانیـــع) بـاوەڕی وابـــووە تـەنها لە كۆمـەڵگای سـۆسیالیستیدا چـەوساندنەوەی مـرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بـن بـــڕدەكرێت و تەواوی ئامانجەكانی چەوساوان دێـتەدی. هەڵبەتە شاعیرانی كـــوردیش باوەڕی تەواویان بەو راستییە هەیە (كە جوتیاران ئێسـتاو هەتـا ماوەیەكـــی زۆر دووری داهـاتووش، كـۆڵەگەی ژیـانی ئـابوری و ئـامێری كاریگەری هەموو بزوتنەوەیەكـی شـــۆڕشگێڕانە لە وڵاتـدا دەبـن، كـــرێكارانیش چینـی خاوەن دوا رۆژی گەلەكەمانن). لە ئەدەبـی كوردیشماندا، رۆڵـی كاریگـەری

ئەم دوو چینە شوێنی شکۆمەندو شایستەی خۆیان هەیە، چونکە (هەر ئەو دوو چینەش کەخاوەنی بەرژەوەندی راستەقینەن لە شۆڕشاو هەر بزوتنەوەو بیرو باوەڕێکیش حسێب بۆ ئەم راستیە نەکات و بەرژەوەندی ئەوان لەبەرچاو نەگرێت و پشتیان پێ نەبەستێت، ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بێنێت و بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی رابگرێت).

(قانیع)ی شۆڕشگێڕ، لەسەر پێداگرتن لەسەر بیروباوەڕەکەی توشی گرتن و ئازاردان هاتووە. دەیان جار لەگۆشەی زیندانەکانی(بەسرەو عیمارەو سلێمانی و تاران) ئاخنراوە. بەشداری کۆمارە ساواکەی (مەهاباد)ی کردووە. یەکجار پەرۆشی یەکگرتن بووە، چونکە دەیزانی تەنها لە رێگای یەکگرتنەوە خۆری رزگاری و سەرفرازی کورد، دەردەکەوێت. بۆیە وتوویەتی:

**یەکگرن ئەی چینی جوتیار یەکگرن**
**یەکگرن رۆڵەی کرێکار یەکگرن.**

(بێکەس)ی نیشتیمان پەروەریش، لە راپەرینەکەی شەشی ئەیلولی(١٩٣٠)دا، کە لە دژی هەڵبژاردنە ساختەکەی دامودەزگای پاشایەتی رویدا (یەکێک بوو لەو نیشتیمان پەروەرانەی سەرکردەی ئەو راپەرینەیان کردو تیایاشدا، بریندار بوو. لە ئەنجامی ئەو دەورەیدا دەیگرن و دەیخەنە بەندیخانەوە). لەسەر باوەڕە پیرۆزەکەی تووشی لەکار دەرکردن و دوور خستنەوە بووەو هیچ ساتێک ئینگلیزە داگیرکەرەکان، نەیانتوانیوە لە خشتەی بەرن، چونکە بەراستی شاعیرێکی شۆڕشگێڕ بوو، هەروەک (محەمەدی مەلا کەریم) دەڵێت:

(شیعرەکانی بوو کردنی بەچەکی دەستی و پێیانەوە چووە شەڕی بەردەرکی سەراو خەباتی پیرۆزی رۆژی رەش و گەشی شەشی ئەیلولەوە، تا مردن فرێی نەدا).

(گۆران)ی نەمریش وەک هاوڕێ و هاودەردەکانی تووشی ئازاردان و بەند کردن بووە لەسەر بیروباوەڕە پێشکەوتن خوازەکەی و، پێداگرتن لەسەر داوای مافە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی گەلەکەیی و سەربەخۆیی نیشتیمانەکەی، بۆ چەندان جار حوکم کراوەو لەکار دوور خراوەتەوە. ماوەی بەندایەتییەکەی لە

سلێمانی و کەرکوک و بەعقوبە و نوگرە سەلمان، بردۆتەسەر.
نووسەرانی کورد، ئەگەر نەڵێم هەموویـان، ئەوا بەدڵنییـاییەوە دەتـوانم بڵـێم لە شۆڕشی ئەیلول، بەشی زۆریان ، بـەشێوەی کاریگـەرو ئاشـکرا لەنـاو ریــزەکانی هێزی پێشمەرگـەی کـوردستاندا بووینە، یان خەباتـی نهێنــی و ژێـر زەمینیـان کردووەو دوورە پەرێز نەوەستاینە، هەرگیز (ئاگــرە سـوورە لەخـۆم دوورە)یـان هەڵنەبژاردووە. لەشۆڕشـی نوێـی ئەمجارەی گەلەکەشماندا زۆربــەی ئــەدیبان بەشدارن لەم شەرەفە مەزنەدا. شەهیدانی ئەدیب و پێشمەرگە (جەمیل رەنجبەر، مامۆستا سۆران، سەیدا سالـح یوسفی، حەسـەن ئەحمەد فـەتاح، کاردۆ گەلاڵـی، مـەلا عەلـی. . . . . تاد) نمونەی هەرە دیارو دروستـی بۆچـوونەکانمانە. چـەندان شــاعیرو ئەدیبــی لاو و پێگەیشــتوی دیکـــەش ئێســتا لە سـەنگەرەکانــی بەرەنگاربـــوونەوەو قوربانیـــدانن، لەپێنــاو هێنــانەدی ئــازادی و ژیــانێکی بـــەختیارانەی چیـــنە زەحمەتکێشـــەکان و لەناوبردنـــی رژێمـــی فاشیســـت و شـەڕخواز. جگە لەو ئەدیبە شۆڕشگێڕانەی کە لەژێـر سایەی فاشیـزم ، پـەرە بە پێشکەوتنی ئەدەب و قـوول کردنەوەی نێـوەڕۆکە شـۆڕشگێڕو چینـایەتیەکەی دەدەن و بەرامبەر بە هەمـوو پاڵەپەستۆو تیرۆرو تۆقاندنی بەچکەکانی هۆلاکـۆ، خۆیــان گرتـــووەو لە رێبـــازی رەسەنایەتـــی و ژان و ئـــازاری گەلەکەیـــان و رەنگدانەوەی لە بـەرهەمـەکانیاندا دەستبەردار نەبووینە. رژێم هــەراسان بـووە، هیچ هۆیەکـی جەزرەبەدان نـەماوە بەکاری نەهێنێت دژی ئەدیب و نووسەران و ساردکردنەوەیان لە خەباتدا. هەرچــەندە لە دەزگا کارتـۆنییەکانی وەک (دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکــردنەوەی کوردی و، کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی و، یەکێتـی نووسـەرو ئەدیبـان و، گـۆڤارو رۆژنـامە روزەردەکـان)، رایـدەگەیەنێت کە مافـی تـەواوی وشەی کـوردی داوەوهەوڵـی زیـاتر پەرەپێـدانی دەدات. بەڵام لەهەمـان کاتـدا، گەمـارۆ(حصـار)ی تەواوی خسـتۆتە سـەر رۆشـنبیرانی کـوردو، تەسـک کردنەوەی بواری چالاکی ئەدەبی، کە گرنگترینیان لەم خـاڵانەی خـوارەوەدا خـۆی دەنوێنێت:

**یەکەم** // هەڵوەشاندنەوەی (یەکێتی نووسەرانی کورد)و کردنی بە لقێکی کارتۆن ئاسای سەر بە رژێم.

**دووەم** // هەڵوەشاندنەوەی (کۆڕی زانیاری کورد)و کردنی بە لقێک لە کۆڕی زانیاری عێراق.

**سێیەم** // یارمەتی نەدان و چاپ نەکردنی بەرهەمی ئەدیبە خاوەن هەڵوێستەکان.

**چوارەم**//دانانی کەسانی خۆفرۆش و چاودێرییەکی زۆر توندو تیژ لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە بۆ(دائرة الرقابة للمطبوعات) دەنێردرێن. خۆ ئەگەر بەرهەمە-کەش بۆنی رەسەنی و گیانی شۆڕشگێڕیەتی تێدابوو، بێ ئەملاو ئیملا، رەفزی دەکەنەوە.

**پێنجەم** // ماوەی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدیبان، تەسک دەکەنەوە.

**شەشەم** // هەوڵدەدەن زەمینەی سەرهەڵدانی ئەدەبی شۆڕشگێڕ لەبار بچوێنن.

**حەفتەم** // هانی بڵاوکردنەوەی ئەدەبی شێواو و ئیفلیج و نەزۆک دەدەن بۆ ئەوەی، رووی راستی رەسەنی ئەدەبی کوردی بشێوێنن.

**هەشتەم** // ئەدیب و نووسەران دەگرن و هەڕەشەیان لێدەکەن تاکو بەشداری لە (ئەدەبی جەنگی)قادسیەدا، بکەن.

**نۆیەم** // پارەیەکی زۆر بەناوی (مکآفات) بۆ ئەو بۆرە نووسەرانە تەرخان دەکەن کە قەڵەمەکانیان بە رژێم فرۆشتووە.

**دەیەم** // هەوڵ دەدەن ئەدیبە لاوەکان تەفرە بدەن و قەڵەمەکانیان بکڕن.

**یازدەهەم** // بازاڕەکانی کوردستانیان پڕ کردووە لە گۆڤارە بۆرژوازیەکان و (جنس)یەکان، تاوەکو لاوان سەرقاڵ ببن و دوور بکەونەوە لە کێشەی رەوای گەلەکەمان.

**دوازدەهەم** // هەوڵ دەدەن ئەو گۆڤارو چاپکراوە عەرەبی و جیهانییانە نەگەنە عێراق بە گشتی و، کوردستان بەتایبەتی، نەخاسمە ئەوانەی تۆوی پێشکەوتن و، نوێکارییان تێدا دەبینرێت.

سەرەڕای ئەم خاڵانەش، سەدان تەنگ و چەڵەمەی تریش خراوەتە بەردەم خەباتی ئەدیبانی کورد. ئەدیبان و شاعیرانی خاوەن هەڵوێستی کورد، لەم دەزگا

کارتۆنیانە دوور کەوتوونەتەوەو، بەیانی مقاتەعەیان، کردوە. هەرچەندە ڕژێم زۆری بۆ هێناون کە بەشداری لە هەڵبژاردنە ساختەکەی کە خۆیان بە (یەکێتیی گشتیی ئەدیب و نووسەرانی عێراق- لقی کوردستان)، ناوزەد کردوە، بکەن، بەڵام ئەم دەزگایەش وەک هەموو دەزگا سەرکوتکەرەکانی تری ڕژێم بووەتە هێلانەی جاسووسی و ڕاپۆرت نووسین و، جەزرەبەو تەفرەدان. بێجگە لەو بۆرە نووسەرانەی کە ناویان لە لیستە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)و (ئەلسەورە) دایە، هیچ کەسێکی تر ئەندامی ئەم دەزگا کارتۆنییە نین. خەڵکی وا ئەندامن کە پێشتر لە کودیلەی تەڕیش ناویان نەبووە. ئەدیبی بەشەرەفی کورد، هەڵوێستی تەواوی خۆی وەرگرتووەو، بڕوای تەواویشی بەو ڕاستییە سەلمێنراوە هەیە کە (هونەرو ئەدەبی شۆڕشگێڕ بەرهەمی ئەو هونەرمەندو نووسەرە شۆڕشگێڕانەن کە ژیانی میللەت لە کارەکانیان عەکس دەبێتەوە).

کەوالنامەی کتێب

سەرچاوەکان


١- نظرية الادب- عدد من الباحثين السوفيت المختصين بنظرية الادب العالمى، ترجمة: د. نصيف التكريتى، ١٩٨٠.

٢- غسان كنفانى- الاثار الكاملة، الدراسات الادبية، المجلد الرابع، الطبعة الثانية، دار للطباعة والنشر، نيسان ١٩٨٠.

٣- نحن السوفيت- قصص الكتاب السوفيت عن الحرب الوطنية العظمى، ت: جليل كمال الدين، دار التقدم، موسكۆ، ١٩٧٥.

٤- اشارات الاولية في الشعر التركي، عبداللطيف بندر اغلو، بغداد، ١٩٨٣.

٥- موسوعة المصطلع النقدي (الواقعية)، ديمين كرانت، ترجمة: عبدالواحد لوء لوء، بغداد، ١٩٨٠.

٦- چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، کەمال مەمەند میراودەلی، بەغدا، ١٩٨١.

٧- چاو پێخشانێک بە مێژووی جیهاندا، جەواهێر لال نەهرۆ، وەرگێڕانی: ڕەئوف محەمەد زوهدی، بەرگی یەکەم، ١٩٨٣.

٨- ئەدەب و ڕەخنە، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤.

٩- سوودم لە چەند سەرچاوەیەکی تر لەملاو لەولا، وەرگرتووە.

# ئافرەت و شۆڕش

ئەگەر بە چاوێکی وردبینانە سەیری مێژووی پڕ لە گۆڕانی جیهان بکەین، دەبینین کە پـڕە لە کودەتـاو شـۆڕش و، کارەسـاتی جەرگ بـڕو کـوێرەوەری، کە هەر هەمووشـیان دەگەڕێـتەوە سـەر زوڵـم و زۆری لەڕادەبەدەری فەرمانڕەواکـان. لە ئەنجـامی زەبـرو زەنـگ و تیـرۆری فاشـییانە دەرهەق بە گەلان، هـیچ ڕێگـایەک لەبەردەم کۆمەڵانی ستەمدیدەی خەڵک نامێنێت بۆ دەرباز بـوون لەم ژیـانە تـاڵە، تەنها شۆڕش نەبێت، چـونکە (وەرچەرخـانێکی لە ڕەگەوەیە لە ژیـانی کـۆمەڵگەو دەبێـتە هـۆی گـۆڕانی سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی نەزۆک و لەبـری ئەو ڕژێـم و سیستەمە گەندەڵە، ڕژێم و سیستەمێکی پێشکەوتنخوازی نوێ جێگیـر دەکـات و، جـڵەوی دەسـەڵاتی سیاسـی لە دەسـت چینێکـی کۆنەپەرسـت دەخـاتە دەسـت چینێکـی پێشـکەوتنخواز. وەک مارکسـیزم- لینینـزم سـەلماندوویەتی کە شـۆڕش قۆناغێکە لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ) "[١]. شۆڕشیش وەک داینەمۆیەک پێویستی بە وزەو توانای هەمەلایەنە هەیە تاوەکو بکەوێتە گەڕو، بەرنامەیەکی بە بڕشتی هەبێـت و، کـۆمەڵگەی مرۆڤـایەتی لەژێـر باڵیـدا بحەسێتەوە. پێویسـتی بە وزەو توانای هەموو چین و تـوێژە شۆڕشـگێڕەکانی کـۆمەڵي بە پیـاو و ئـافرەتەوە، بە هەموو ڕێکخـراوە جەماوەرییەکـان (کرێکـاران، جووتیـاران، خوێنـدکاران، لاوان، مامۆستایان، ئافرەتان) و، تەواوی ڕەنجدەرانی کوردستان، چـونکە هەر بە تەنهـا چینێک شۆڕش مەیسەر نابێت و ناگاتە ئامانج. لە لایەکـی تـرەوە، بە پـێچەوانەی ئەو بیرو بۆچوونە پووچەڵانەی کە ئەرکی شۆڕش هەر بە تەنها دەخـاتە ئەسـتۆی پیاو، بڵێین و نەڵێین، پیاو باڵێکی کۆمەڵەو، باڵەکەی تریش ئافرەتانن.

کەواتە نکوڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە (ژیان بە هەمـوو لایەکـی سـەلماندووە کە شارستانییەت و ئاوەدانی لەهەر شوێنێکی کونجی زەوی، تەنها بە بازووی پیاوان دروست نەکراوەو ناکرێت، بەڵکو هەمیشـە ئافرەتـانیش بە دەوری خۆیـان تیایـدا بەشدار بووینە) "[٢].

جا لەم باسەدا دەمانەوێت تیشکێکی گەش بخەینە سەر ڕۆڵی گرنگی ئـافرەت لە شۆڕش و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا. دەمانەوێت مێژووی پڕ لە سـەروەری و قوربانیدانی ئافرەتانی جیهان بە گشتی و، ئافرەتانی کورد بە تایبەتی، لە هەمـوو

هەڵچوون و خۆپیشاندان و مانگرتنە گشتییەکان و شۆڕشی ڕەوایان، بخەینە ڕوو، بە تـایبەتیش لە قۆنـاغی شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی نیشـتیمانیدا کە پێویسـتی بە کۆشـش و قوربـانییەکی زۆر هەیە لە پێنـاو وەدەسـت هێنـانی سـەربەخۆیی و پێکەوەنانی (قەوارەی نەتەوایەتی). دەبێت بڕوای تەواومان بە هێزی خولقێنەری ئافرەت هەبێت. هەرچەندە کۆنەپەرستان لە هەموو کونجێکی جیهاندا بە بیانووی پووچ و بێ بناغە، ڕێ لە بەشداری ئافرەتـان دەگـرن. . . لە دیـدی ئەوانەوە دەبێـت ئافرەت هەر لە کونجی مـاڵەوە بێـت و، کـاری دەرەوەش بـۆ پیـاو. یـاخود دەڵـێن: (دەماغی ئافرەت وەک دەماغی منداڵ بچووکەو ڕێگا لە بەشـدار بـوونی ئـافرەت دەگرێت). کۆنەپەرسـت و فاشیسـتەکان، زۆر لەمێـژە ئەو تەپـڵە بەتـاڵە لێـدەدەن. ئەوەتا (هیتلەر) دەڵێت: شوێنی ئافرەت تەنها ماڵ و چێشتخانەو کەنیسەو بەخێو کردنـی منـداڵە. (مۆسـۆلینی) هاوڕێشـی ڕێگـای لەبەردەم ئافرەتـان دەگـرت و نەیدەهێشت خوێندنی باڵا تەواو بکەن.

ڕاسـتییەکی ڕوون و ئاشـکرایە، کە لە هەر شـوێنێک لەم جیهـانەدا ئیمپریـالیزم دەسەڵاتدار بێت، ئەوا هەوڵ دەدات بیرو بۆچوونی پووچ لەناو کۆمەڵانی خەڵکی چەوسـاوەدا بـڵاو بکـاتەوە. بەجۆرەهـا شـێواز هەوڵ دەدات بـاڵێکی کـۆمەڵ کە ئافرەتە ئیفلیج بکات تاوەکو بتوانێت دەسەڵاتی خـۆی لەم وڵاتەدا جێگیـر بکـات، جـا بە هەر ڕێگـایەکەوە بێـت ڕێ لە بەرەو پـێش چـوونی ئافرەتـان دەگرێـت و، نایانەوێت لە ئـاوەدانکردنەوەو بەرەو پـێش چـوونی وڵاتەکەیانـدا، بەشـدار بـبن. هەردەم هەوڵ دەدات (بیـرو بۆچـوونی کۆنەپەرسـتانە بـڵاو بکـاتەوەو ڕێـگەش دەگرێـت لە بەرەو پـێش چـوونی پیشەسـازی و ئـامێرە بەرهەم هێنەرەکـان و، پێکەوە گرێدانی کشتوکاڵی دواکەوتوویان بە ئابووری ئەو دەوڵەتـانەی کە لەژێـر ڕکێفی ئەواندان)"٣".

ئەگەر لە سـەردەمی ڕابـردوودا، ئـافرەت بەپێـی پێویسـت لە گۆڕانکارییەکانـدا بەشدار نەبوو بێت، ئەوا سووچی ئەو نەبووە، بەڵکـو کـۆمەڵگە ڕێـگەی پێـنەداوە تاوەکو وزەو توانای خۆی بەکار بهێنێت. کۆمەڵگە هەردەم بە پلەی دووەم سەیری کردوەو بەربەستێک بـووە لەبەردەم ڕۆڵـی گرنگی، ئەمەش بـۆ چەنـد هۆکـارێکی وەک ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئـایینی ، کە چارەنووسـی ئەم وڵاتـانەی پێـیەوە بەنـدە، دەگەڕێـتەوە. یەکێـک لە قەشـە گەورەکـانی سـەدەکانی ڕابـردوو

دەیگوت: هیچ کام لە دڕندەکانی سەر زەمین وەک ئافرەت زیان بەخش نییە".
کەواتە سووچی بەشدار نەبوونی ئافرەت دەبێت چی بوو بێت؟ ڕۆڵی دەبێت چی بێت کە کۆمەڵگە پابەندی ڕێنماییەکانی کلیسا بێت و، کلیساش بە چاوی دڕندە سەیری بکات؟!

ئەگەر چاوێک بە مێژووی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵگەدا بخشێنین، دەبینین ئافرەتان شان بە شانی پیاوان بەشدار بووینە لە بەرهەم هێنانی پێویستییەکانی ژیان و، جێ پەنجەی خۆیان قۆناغ بە قۆناغ، دیاری کردوە. زیاد لەم بوارە تەسکەی کە بۆیان ڕەخساوە، هەنگاوی گەورەو قەبەیان هەڵهێناوە.

ئەگەر سەیری مێژووی شۆڕشی فەڕەنسا بکەین، دەبینین لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٨٧٩دا، ئافرەتان ڕۆڵی پڕ بەهاو جوامێرانەیان نواندوە. شان بە شانی پیاوان لە خۆپیشاندانە خوێناوییەکان بەشدار بووینەو، کۆمەڵ کۆمەڵ هەڵمەتیان بردۆتە سەر دوژمن. لەم هەڵمەتانەدا، (زیاتر لە ٨٠٠ ئافرەت کە پێکهاتبوون لە کرێکارو سەوزە فرۆشەکانی بازاڕ، لە ڕۆژی پێنجەم و شەشەمی تشرینی یەکەمی ١٨٧٩دا، هێرشیان بردە سەر کۆشکی فرسا. میشیلە، دەربارەی ئەم هەڵمەتەی ئافرەتان دەنووسێت: ڕاستە پیاو پاستیلی گرت، بەڵام ئافرەت وڵاتی ڕزگار کرد)"[٤].

بێگومان ئەم خەباتەی ئافرەتان بێ قوربانیدان نەبوو، سەدانیان بەر دەستڕێژی گوللە کەوتن، دەیانیشیان چوونە ژێر پەتی سێدارەو گیانی شیرینیان لە دەستدا. هەر لەم بارەیەوە (ئەگەر ئافرەت مافی لەسێدارەدانی پێ ڕەوا ببینرێت، ئەوا مافێکی ڕەوای خۆشیتی کە بچێتە سەر مینبەری وتار خوێندنەوە)"[٥]. ئافرەت هەوێنێک بوو لەم شۆڕشەدا، هەندێکیان چەکدارو، هەندێکیان بێ چەک، چارەسەری بریندارەکانیان دەکرد. بەداخەوە دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هەر چەندە قوربانییەکی زۆریشیاندا، بەڵام مافی تەواو نەدرایە ئافرەتان. لە ساڵی ١٨٧١دا، شێرە ژنەکانی پاریس زۆر ئازایانە، زیاتر لە دە هەزاریان بەشدارییان لە پاراستنی کۆمۆنەی پاریس کردو، هێرشیان دەکردە سەر دوژمن و، سەدان شەهیدیشیاندا. ئەوانی تریش چاودێری پاریس و، چارەسەری بریندارەکانیان دەکرد.

لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنیشدا، شان بە شانی پیاوان، کاریان دەکرد. لە کارگەو

کێڵگە کشتوکاڵییەکان و شوێنە گشتییەکاندا، کۆدەبوونەوەو خۆپیشاندانیان ڕێک دەخست. دەنگی نارەزاییان لە دژی قەیسەر بەرز دەکردەوە. (لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی ناوچەی بریسا، لە ڕووسیای قەیسەری زیاتر لە دە هەزار کەس بەشدار بوون. دوو کیژی گەنج ئاڵای سووری شۆڕشی کرێکارییان هەڵگرتبوو، ڕوو بەڕووی لەشکری کۆزاکەکاندا ڕاوەستان و هاواریان دەکرد: بیانکوژن، تا لە ژیاندا ماوین ئاڵاکەمان نادەینە دەست. کۆزاکەکان لەبەردەم بە جەرگی ئەم دوو کیژە سەرسام بوون و کشانەوە دواوە)"[٦].

دوای سەرکەوتنی شۆڕش، ژیانی ئافرەتان دابین کرا، بە یەک چاو سەیری ئافرەت و پیاوان دەکرا. لە سایەی حوکمی سۆسیالیزم و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریادا، هەرچی ناوی چەوساندنەوەیە نامێنێت، بوارێکی باشیش دەڕەخسێنێت تاوەکو ئافرەتان وزەو توانای خۆیان تیادا بخەنە گەڕ. دەبێت ئەوەش بزانین کە (بەبێ سەرکەوتنی سۆسیالیزم ئافرەتان ڕزگاریان نابێت، سۆسیالیزمیش نایەتە کایە بەبێ بەشداری بە کردەوەو کاریگەرانەی ئافرەت)"[٧]. لە سیستەمی سۆسیالیستیدا، بە پێچەوانەی سەرمایەداری، ئافرەتان لە هەموو بوارەکاندا کار دەکەن. لە کارگەو دەزگا باڵاکانی خوێندن و هەتا لە سوپاشدا، چەکدارن. کەچی لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا، ئافرەت بە شێوەیەکی یەکجار کەم لە بوارەکانی ژیاندا ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. بۆ نموونە: (بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٠، پزیشکە ئەمریکییەکان لەسەدا شەشیان ئافرەتن و، لەسەدا چواریان قازی و پارێزەرن. پێچەوانەی یەکێتیی سۆڤیەت کە لەسەدا حەفتاو پێنجی ئافرەتن)"[٨].

لە شەڕی دووەمی جیهانیدا، زۆربەی هەرە زۆری ئافرەتە سۆڤیەتییەکان بەشدارییەکی کاریگەرییان لە شەڕی بەرگریی نیشتیمانی دژی هێرشی نارەوای نازییەکاندا، هەبوو. ئافرەتان لە کارگەکاندا شوێنی بەتاڵی پیاوانیان پڕ دەکردەوە. شەو و ڕۆژ بێ گوێدانە زۆری ماوەی کار کردن، کاریان دەکرد. زیاتر لە ملیۆنێکیان چەکیان لە دژی هێرشی نازییەکاندا، هەڵگرت. هەندێکی تریان خەریکی دروست کردنی سەنگەرو چارەسەر کردنی برینداره‌کانی بەرەی شەڕ بوون، هەوڵی پاراستنی شۆڕشە مەزنەکەیان دەدا. ئەمە بۆچوونەکەی (لینین)ی هێنایە جێ کە هەڵوێستی بەجەرگانەی ئافرەتان هەڵدەسەنگێنێ و دەڵێت: (کرێکارە ئافرەتەکانمان تێکۆشەری ڕاستەقینەی چینایەتین. جێگای ڕێزو

خۆشەویستیمانن...). لینین لەسەری دەڕوات و دەڵێت: (لە ڕیزی حزبەکەماندا ئافرەتانی چالاک و باوەڕ پێکراومان هەیە کە بە جۆرێکن نازانن ماندوو بوون چییە... لە توانایاندا هەیە شوێنی گرنگ بگرنە ئەستۆی خۆیان، وەک لیژنەی ڕاپەڕاندن و ئەنجوومەنە گەلییەکان، دەوری بەڕێوەبەری دەزگاکان، ببینن. زۆربەیان شەو و ڕۆژ لە ڕیزی حزبدا کار دەکەن)"[٩]".

لە شۆڕشی (چین)یشدا، ئافرەتەکان بەشداری خۆپیشاندان و کاری چەکداری دەبوون. هەرچەندە کەسانێک هەبوون کە پێیان شوورەیی بوو ئافرەت شان بەشانی پیاوان چەکدار بێت، بۆیە کچە شۆڕشگێڕە چینییەکان (زۆریان کەوتنە قژ بڕین لە ڕقی ئەو پیاوانەی کە شۆڕشگێڕییەتی و کاری چەکداری و دەیەها کاری تر، بە کاری پیاوان دەزانن و، بە کاری ئافرەتانیان نەدەزانی)"[١٠]".

کچە شۆڕشگێڕەکان لە لادێکاندا، گەمارۆی مۆڵگەکانی دوژمنیان دەداو، لە پێناوی سەربەخۆیی و بەرگری لە نیشتیماندا، خوێنی ئاڵیان لەگەڵ خوێنی هەڤاڵەکانیاندا، تێکەڵ دەبوو. مێژووی شۆڕشی چین گەواهی قوربانیدانی ئافرەتانمان بۆ دەدات، بە نەوازشەوەش ناوی پیرۆزی سەدان شەهیدی ئافرەتی لە ئامێز گرتووە. ئیمپریالیست و شۆڤینیزمەکان لە هەموو کونجێکی جیهاندا، لە دژی کۆمەڵانی خەڵکی هەقخواز، لە بەکار هێنانی زەبرو زەنگ و سەرکوت کردن، چاو لە یەکتر دەکەن. ئەگەر فاشیستەکان بە قامچی پشتی پیاوان شەقار بکەن و، ئەندامی نێرینەیان بەر کارەبا، ئازاری دەروونیان بدەن، ئەوا بەهۆی بەشدار بوونی ئافرەتانی ڤێتنام لە شۆڕشدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەیەها شێوە ئازاری ئافرەتانی دەدا، وەک: (هەڵواسینیان، ئاوساندنی مەمکەکانیان، بە ڕووتی خستنە بەر هەتاو، مار هاویشتنە ناو جل و بەرگی ژێرەوە، بە ڕۆن چەور کردن و سەگ تێبەردانیان، شووشەو قۆنداغە تفەنگ خستنە ناو ئەندامی زاو زێیان،.... تاد)" [١١]".

لە وڵاتی میسریشدا، ئافرەتان بەشدارییەکی قارەمانانەیان لە دژی کۆلۆنیالی بەریتانیدا کرد. ژمارەی ئافرەتە بەشدار بووەکان خۆی لە (دە هەزار ئافرەت دەدا، ئەویش لەو خۆپیشاندانەی کە بۆ پێشوازی ئەو شەهیدانە ساز کرابوو کە لە شەڕێکی دژ بە بەریتانییەکاندا، شەهید بوون)"[١٢]".

هەروەها لە شۆڕشی جەزائیریشدا، ئافرەتان لە دژی فەڕەنسییەکان بەشداری

چالاکی چەکدارانەیان لە چیاکاندا کرد، لەم پێناوەشدا قوربانییەکی زۆریان بەخشی. شان بە شانی پیاوان خۆپیشاندانێکی فراوانیان ڕێک خست ، داوای سەربەخۆیی و زەوی و نانیان دەکرد. (ڕیجی دوبریە)، لە یاداشتەکانی لەگەڵ پارتیزانە فەنزوێلییەکان لە شەڕی بەرگریدا، کە پازدە ڕۆژی خایاندووە، نووسیوویەتی: (کاتێک کە سەرم لە یەکێک لە بارەگاکانی پارتیزانەکان لە سەربازگەیەکی کاتیدا، بیست پارتیزانم بینی کە پێنج لەوانە ئافرەت بوون)"[١٣]".
ئەو دانپیانانەی (ڕیجی) ئەوە دەسەلمێنێت کە لە شۆڕشی ڤەنزوێللاشدا ئافرەت کەم و زۆر بەشداری شۆڕشیان کردوە.
لە شۆڕشەکانی (شەڕی ڕزگاری کۆریا، شۆڕشی کوبا، فەلەستینی خۆڕاگر)دا، ئافرەت بە هەموو شێوەکان، بەشداری خەباتی کردوە. لە پێناو ڕزگار بوون و سڕینەوەی لەکەی دیلیەتی و، ژێر دەستی لە عێراقی خۆشماندا، ئافرەت بە هەموو چین و توێژو نەتەوەکانەوە، لە خەباتی سیاسیدا بەشدارییەکی گرنگی کردوە. لە شۆڕشی بیستدا، لە ڕیزەکانی تێکۆشاندا، خۆی وەک شەڕکەرو تیمارکەرو، چەک و تەقەمەنی و خواردن ئامادە کردندا، بینیووەتەوە. لە ڕاپەڕینە مێژوویەکەی ساڵی ١٩٤٨ یشدا، خۆپیشاندانیان کردو داوایان لە ڕژێمی پاشایەتی کرد کە دەبێت سوپای عێراق بەشداری لە شەڕی بەرگری کردن لە فەلەستیندا، بکات. لە شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و، پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕش، دیسان ئافرەتان بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەشداریان کرد کە پێشتر عێراق ئەمەی بەخۆیەوە نەبینی بوو. ئافرەتانی کوردیش، هەر لە شۆڕشی شێخ مەحمودی نەمرەوە بگرە تا دەگاتە کۆمارە ساوایەکەی مەهابادو، شۆڕشەکانی بارزان و گشت ڕاپەڕین و هەڵگەڕانەوەی عەشیرەتە چاونەترسەکان، بە ڕووی داگیرکەراندا، بەشدار بووینە. چەندان شێرە ژنی مەیدانە جۆر بە جۆرەکانی ژیان، لە لاپەڕە پرشنگدارەکانی مێژوودا بەرچاو دەکەون. (حەپسە خانی نەقیب)، لە ساڵی ١٩٣٠دا، دەربارەی مافی ڕەوای نەتەوەی کورد نامەیەکی ئاڕاستەی نەتەوە یەکگرتووەکان، کرد. (قەدەم خێر)، یەکەم کەس بوو لەو ئافرەتە کۆڵنەدەرانەی کە شۆڕشی (پشتکۆ)ی لە دژی شای ئێران هەڵگیرساند. (ئەختەر)ی جوانەمەرگ لە خۆپیشاندانێکدا بۆ پێشوازی کردن لە تەرمی شێخی مەحمودی نەمر، سینگی دایە بەر گوللەی چەتەکانی (نوری سەعید). (خانزادی سۆران)، فەرمانڕەوایی

ناوچەی سۆرانی لە ڕواندز دەگێڕا. (خاتوو شاناز)، بە خۆیی و٥٠٠ ئافرەتی چەکدار بەرگریی لە سەربەخۆیی و مانەوەی میرنشینی (ئەردەلان) کردو، لەگەڵ (قزلباشەکان)دا کەوتە شەڕەوە. (کچە نەغەدەیی، ئەو کچە هەڵکەوتووە بوو کە لەگەڵ هەڤاڵە شۆڕشگێڕەکانی مەهابادو نەغەدە، شان بە شانی براکانی جەنگا، تا کۆتایی بە کۆماری مەهاباد هات، یەکێک بوو لەو هەڤاڵانەی کە تووشی چەرمەسەریی و کۆت و زنجیرو سێدارە بوو تا هەردوو چاویان هەڵکۆڵی)"[١٤].

لە شۆڕشی ئەیلولی نیشتیمانیشدا، ئافرەت بەشداری شۆڕشی کردوە. ئەگەرچی لەبواری چەکداریدا کەم دەبینران، بەڵام لە بواری ڕێکخستندا، ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەبوو. چەندان شەهیدی وەک (لەیلا قاسم و مارگرێت و زەکیـە حەسەن و، ... تاد)، نموونەی هەرە دیاری ئەو قوربانییانەن کە لەلایەن بەعسەوە لە سێدارە دراون، یان لە خەباتی چەکداریدا شەهید بووینە. خۆڕاگری ئەوان، بۆتە ئیلهامی شیعری دەیان شاعیری کورد. لە هێرشی فڕۆکەکانی ڕژێم بۆ سەر هەردوو شاری قەڵادزێ و هەڵەبجە لە بەهاری ١٩٧٤دا، قوربانی و شەهیدەکان، بێبەری نەبوون لە ئافرەت.

لە شۆڕشی نوێی گەلەکەشماندا، ئافرەت بەپێی تواناو هەل و مەرجی گونجاو، لە خۆ ڕێکخستن لەنێو ڕیزەکانی حزب و ڕێکخراو و، پەلە شۆڕشگێڕەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات، بەشداری خەباتی کردووە. وەک براکانی هاوخەباتی، بە تۆمەتی هاوسەرو منداڵی پێشمەرگە، یان بەشداری ڕاستەوخۆی خەبات، لە زیندانە نوتەک و شێدارەکانی ڕژێم بە کۆمەڵ و، دەستە دەستە، ئاخنراون. ژنە چاونەترسەکان، دەستە دەستە لە سێدارە دراون. لە شەقامەکاندا دراونەتە بەر دەستڕێژی گوللە. لە زانکۆ و قوتابخانەکاندا، لە خوێندن بێبەری کراون. بە تۆمەتی جۆر بەجۆریش لە لادێکان، بە کۆمەڵ کەوتوونەتە بەر بۆردومانی فڕۆکەکان و، چەکی کیمیاوی و، شەهید کراون. هەر لەبەر ئەوەی کوردن و شوێنی باپیرانیان جێناهێڵن، ئازار دراون. بەڵام وەنەبێ ئەو هەموو تاوانانەی ڕژێم دەرهەق بەوان، لە خەبات ساردیان کردبێتنەوە.... وێرای هەموو ئەمانە، زیاتر سوور بووینە لەسەر داوای مافی ڕەوایان، گوڕو تینیان بە خەباتەکەیان داوە.

لە خۆپیشاندانەکانی نیسان و ئایاری ١٩٨٢ و ١٩٨٤دا، ڕۆڵی شیاوی خۆیان بینیووە. نووسەری وا هەیە دەڵێت: (خۆپیشاندانی ئایاری ساڵی ١٩٨٢، بۆ یەکەم

جار لەناو ئافرەتاندا بەرپا کراو بووە سەرەتایەک بۆ خۆپیشاندانی قوتابیـان)"[١٥].
لە گەرمەی ڕاپەڕینەکانـدا، شـەقامەکانی شـار، جمەیـان دەهـات لە کـچە خـوێن گەرمەکانی زانکۆ و قوتابخانەکـان. ئـافرەتە بەجەرگەکـان پـڕ بەدەم هاواریـان بـۆ ڕوخانـدنی ڕژێـم و کۆتـایی هـاتنی دەکـردو، بە دروشـمەکانی شۆڕشـگێڕی وەک: (بڕوخـێ ڕژێمـی بەعسـی فاشـی، بڕوخـێ ڕژێمـی مەرگ و سـێدارە، بـژی هێـزی پێشمەرگە)، درێژەیان بە خۆپیشاندانەکان دەدا. بە گیانی پێشمەرگەیان هەڵدەداو، دوژمنیان هەراسان کرد بوو. گیانی قوربانییان لای براکانیان بەتین و گوڕتر دەکرد.
لە خەباتی ڕەوایاندا، خوێنی دەیانی وەک: مامۆستا سنەوبەرو پور ئامینەو شانازو شـەونم و کەژاڵ و نـادیە مەجیـد و قەدریە قـادرو، .... تـاد، تـێکەڵ بە خـوێنی براکانیـان بـوون و، گیـانی پیرۆزیـان کـردە قوربـانی ئەو خـاکە کە بە ڕەوایـان نەدەزانی لەژێر پێی فاشیست و ناڵەی بێ ئامـانی تانـک و، چڕنـووکی داڵە خـوێن خۆرەکاندا، ئەنجن بە ئەنجن بکرێت.
لە یـادی قارەمـانی و جـوانمەردی شـەهیدانی ڕاپەڕینەکـانی شـارو شـارۆچکەو دێهاتەکاندا، سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین. دەبێت ڕێگای ئەوان سـەر مەشـقی ئـافرەتە بە جەرگەکـان بێـت و، یادیـان بەخێـرو ڕێگایـان بەردەوام بێـت... گیـان بەخشینی ئەم شەهیدانە، گەواهیدەری ئەوەن کە ئافرەتی کورد بەشداری خەباتی ڕەوای گەلەکەمانیان کردوە.
ئافرەتانی کورد دەتوانن زیاتر خزمەت بە مەسەلە ڕەواکانیـان بـکەن، ئەویـش لە ڕێگای خۆ ڕێکخستن لەنێو ڕیزەکانی حزب و هوشیار کردنەوەی جەماوەرو، هێنان و بـردن و بڵاوکـردنەوەی ئەدەبیـات و، زانیـاری کـۆکردنەوە لەسـەر دەزگـا جـۆر بەجۆرەکـانی دەوڵەت، بە نیـازی سـوود وەرگـرتن، لە کەمـو کوڕییەکـانی ڕژێـم. هەروەها دەتوانن خۆپیشاندان ساز بکەن و، کاریگەرییشیان لەسەر پیاوان هەبێت بۆ گەورە کردن و فراوان بوونی. لە ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەشدا، شوێنی شـیاوی خۆیان لە شارەزوورو ڕواندزو شەقڵاوەو شوێنە جیا جیاکانی کوردستاندا، بینـی. بە کـورتی، ئەم بـابەتە مشـتێکە لە خەرواریـک و، ئافرەتـانیش وەک پیـاو خـاوەن مەسەلە ڕەواکانەو، چەپڵەش هەرگیز بەیەک دەست لێ نادرێت.

سەرچاوەو پەراوێزەکان :


١- موسوعة الهلال الاشتراكية، مجموعة كتاب المصريين، مطبعة دار الهلال، ١٩٧٠.
٢- ئافرەتە ناودارەکانی کورد، عەبدولجەبار محەمەد جەباری، کەرکوک، ١٩٦٩، ل٥.
٣- مشكلات ثورات التحرر الوطني المعاصر، فيكتور تياغونينكو، ترجمة و تقديم: محسن الموسوي، الطبعة الاولى، ١٩٦٩، ص ٩.
٤- المرأة والاشتراكية، ترجمة و تقديم: جورج طرابيشي، الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، ص٢١.
٥- في سبيل ارتقاء المرأة، روجية غارودي، ترجمة: جلال مطرجي، بيروت، الطبعة الأولى، ١٩٨٢، ص٣٨.
٦- گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە ٤، کانوونی یەکەم ١٩٨٢، ل ٤٢-٤٣.
٧- المرأة والأشتراكية، ص٣٢.
٨- المرأة والجنس، دكتورة نوال السعداوي، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٤، ص١٠٣.
٩- المرأة في التراث الأشتراكي، ترجمة: جورج طرابيشي، بيروت، الطبعة الثانية، ١٩٧٩، ص١٤٧.
١٠- ئافرەت و ژانی لە دایک بوونێکی نوێ، هەڤاڵ کوێستانی، ١٩٧٩، ل٧٢.
١١- مێژووی خەباتی گەلی ڤێتنام، فەرهاد هەمزە محەمەد، بەغدا، ل١٢٨.
١٢- المفهوم التأريخي لقضية المرأة، عزيز السيد جاسم، بغداد، ١٩٨٦، ص١٨١.
١٣- دفاع عن الثورية، ريجي دوبرية، ترجمة: نزيهة الحكيم، الطبعة الثالثة، بيروت، ١٩٧٩، ص١٤٢.
١٤- ئافرەتە ناودارەکانی کورد، ل٣٥.
١٥- گۆڤاری سۆسیالیست، ژمارە ٤، ل٤٢.


هەولێرامەی کتێب